# هــەر دێنــەوە...!

( محەمــەدی کەریمی )
ڕۆژنامــە نووسی ســەر بە خـۆ

چەنێـک نـارەوایـە ، کاتێـک بە ئێـمەی بەسـتزمانی دەسـتە بەسـتەی ڕاکـردەلەچـنـگ زولـم وزۆڕی چـی سـووک و چروکی مەتـروکی مەفلوک ....ئێــژن : کـۆچکـــردوو.!

ئـاخـر ، وشـەی جوان و واژەی ڕەنگاورەنگـی کـۆچکـــردوو ،بـۆ ئـەو مـەل و مـەلـگەلانە بە کار دێـنن ، کە بۆهەمیشـە و لە بۆهەتـا هـــەتایە ( هێـلانە )یان جێ هێـشتووە و قـەت بە هیـوای گـەڕانـەوە نیـن .
بـەلـێ ، ئەمانە کـۆچـکـــردەن .نــە ڕاکـردە و پەنـاگـرتە !

زۆربەی هەرە زۆری ئێـمەمانان، ڕاکردەیـن و پــەنــاگرتە نــە کـۆچـکـردە .!
ڕاکـردەلە چنگ زڕەی زڕە کـەوی بـێ عــار و ولـە مەر زەبر و زەنگی دەسـتـی چـی مرۆڤی پڕ لـە عەیـب وعــار..!

ئێـمە ئـەو پەنــاگرتانەین کە هێـلانەکەمان لێکـراوە خـاپـوور .

ئێـمە ئـەو ڕاکردانەین کە ئاشقی جوانـی و چـی خۆشـەویستـی و کوشـتە ومردە و تەشـنە و تیـنوی قوومــە ئاوێکـــی ئــازادین ...کـــە نیـمانـە !
مـاندوو و برسـی پاروە نانێـکی ئاسـودەین کە نێـمانە .گەر چـی ژور سـەری هێـلانـەکەمان ، سـەرینی بەرینــی چـی زێـڕ و زێـوی زەرد و ڕەش و سـپییە...کەچـی .؟خۆیشـمان نـەدار وهــەژار وبێـکەس و برسـی .!

کـام یـەک لە مـە .! لە سـەر مەیـلی دل و بـە ڕەغـبـەتـی خۆی بـەرەو هـەنـدەران هەلـفـڕیوە ..؟
کەم کەس بە پێـی ڕاز و نیـازی دلی خۆی لێرە یان لە وێ دابەزیـوە .؟؟؟دابـەزیوین بەڵام نـەبەزیوین و ناشـبەزین .

هەلبـژاردنی شـوێنـی حـەوانـەوە ودەسـتنیـشـانـکـردنـی هێـلانە ولانکی دووهـەم و سـێهەم یان بە مانای واقیعی و پڕ بە پێستی خۆی ، دیاریکردنی تەنانەت زێدایـکـی نیشتمانی خۆیشمان بە دەسـت وئیرادەی هیچکام لە ئێمەمـانانی ڕاکردە و پەناگرتە ومانگرتەی کۆچکـردە نـەبـووە و نییـە .!
هەر بۆیەشـە دەلێـن :
ئێـمە نەهاتووین کـە بۆ هەتـا هەتـایە لە تـاراوگـە بمێنـینەوە .!

ئێمە ڕاکـردەین وکـۆچـکـردە نیـن . هەر لـۆیە ، هـەموو کات وهـەردمم چاوە ڕوانیـن چـاوەڕوان
.تاوەکـو ئەو دلە پـڕ حەسـرەتە بە دیـداری ئـەزیزانی خۆی شـادو شـۆخ ومەسـتی مـەسـت ،
سـەرخۆش ودل گەشـی گـەش بێتـــەوە .!

ڕێگـە سـەخت ونـاهـەمـوارە و پـڕ لە کـەند و کۆسـپی ڕەشـی پیـس وتەنانەت سـپـیش ، هەر بە
وێنەی قەنـد و وەک شـەکـەر شـیرین وخۆش تـام وبـۆ بـــەلآم ، هـەرلەو دەمەیـــدا تــال و ترش
وسـوێر و ناخۆش و شـووری شــــوور ، بێـمەززە وەک ژاری مار و ژەقـنــەمـووت .......!

بـــەلـێ لێـرەیش ، لە تـاراوگـەیش ،گشـت دەور و پشـت و چـۆار تەنیشـتـی ئـەم رێ وبـانە ترازاوە
و گشـتـیان لە یەک ئالۆزاون ، وەهـا تـنراوەتەوە لە زۆرزانـی هیـچنەزانـی نـەترس وخـۆ بـە
زلزان و....!
لە هـــەر لایە ، چ لـەم لایـە و چ لــەو لایـە ، چـەشـنی زەرگـەتـەی زانـا و زەڕنەقووتەی دانـا و دارا
.فێلـەبـاز و تـەقـلـەبازی تـەزئینـی و تـەزویـر ،هـان وە بـان گـوێـی ئـەم ڕێگەو بانـە
هـان لـەنـاو ئـەم ژورە تـاریـک و باریـکە شـــومانە .گشـتیان پالیان لێداگـەو
کـەفـتگـن .گـەورە و گچـکـە بـەڕیـز وێسـاگـن وێنـەی جاچکـە پێکـەوە چـەسـپاگـن
و.....!ئـەمانەیـچ هـەر یەک وە جۆرێ لــە جـۆرەکـان لە ناو خۆیانـا حەبسـاگـن داسـاگـن .پاکـی
شـەمـزاو و شـپرزە و شـەرمـەزار و سـەرلێشـێواو و پـەرێشـانحـالن ،گـەرچـی خاوەن مـال و
سـامـانێکی بـێ ئـەمـانن.....ئـەمـانــە عـەسـای دەسـت ئەسـاس تەفـر وتوونـاکـەری چـی بیـری
جـوان و هەسـتی پاک و نـاسـک وتەسـک ودوژمنـی ئەشـق وئاشـقی شـۆخ وشـەنگ و قەشـەنگ و
نـەیاری جلـوەیی جوانـی و جوان پـەرەسـتی ونـاحەزی فـرە جوانـگەلێـکی پـاک وبێـگەرد و
دلپـاکـن ....بـەلآم گـەلۆ ،خاترجەم وگەلێک مـوخـابـن ، ئـەم مـلـۆزمانەیـش زەلیـل و گەلێـک
ڕەزیلـن،گیـر و ئەسیر ودیـل و گێـژ و گیـرۆدەی چی ژانــن ، خۆیشـیان گرفـتار گێـژەلـووکـەی بای
دژی ژینــن .....!

ئـەشـێ هەمدیـسـان وگشـتمان زیـت و قـوت و وریـا بین .نـــەوەک ، لآفـاوێکی تربێت و لە تەک
خۆیـدا بمـانبـات .!
ئـەوەی بـرسـی و حیـزی کورسـی نـاکـەسـی تـەپـلـۆسـە ....هـەروا بە ڕێوەن لەگشـت کەین
وبەینێـکی چ ژوور و چ دەری ئەم هەمووە هەتـەران پەتـەرانەی کەپـڕن لە هـەرا وهـەلآ وچـەهـــا
هـاتی پـڕلە نەهـاتی و لیپـا و لیپـن لە گەلێک گـووپـی گالتـەجاڕی و چی گـەپـی خوێناویی .پـڕن
لە گـەدەی زل وگیـپالی تێـر و تەسـەل و.....ئـــای لەم هەمـــووە لــووت خـۆار و کـەپـــۆە
خێـچانەی کە گـەمـژە و حـۆل ونـەگـبـەت و نـەزانـی لەعنـەتین ....مـفـت و هـەرزان بە خـۆڕایی
چیت گەرەکە لە خویـڕی ولەخۆبایـی ، لە هەرشوێنێک ولە هـەر کوێیـەک بیـت .....دێتە بەر گلێنەی
چاوانت ...کوجـایـی مەرحەبـا...!!

تـاراوگـــە ، واتــە تەبعیـــدگـا

ئەم ولاّتــە و گشـت ئەو ولاّتــانەی کە ئێـمەمانانیان لە خۆ گرتووە .مالــیان سـەد جارئـــاوا ،
بــەلاّم ئەم شـوێن ومەکـانانەیش کە ئێـمەیان لە نێوخۆیاندا جێ کردووەتەوە ،گشـتیان تــاراوگـەن
.تــاراوگــە تەبعیـــدگـای سـەرەکـی ئـەمـن و ئـەنـگـۆیــە .!هەر بۆیــەشە دایم پەرۆش و مەلــولـی
دوری ولاّتیــن .

هەمــوو کــات و هــەردەم مــەلـی خــەیـال دەفـڕێ و لە سـنورەکانمان نزیک دەکـاتــەوە .دەچێنەوە بۆ
نێو باوەشی گەرم وگـوڕی دایکـی نیشتـمان و....دەگـەڕێنـەوە ....سـەر لە نوێ وهەمدیسـان
دەچێنــەوە ...!
هــەر دێنـــەوە چــۆن نەینـەوە . سـەرئـەنجـام و ڕۆژێ لــە ڕۆژان هــەردێنــەوە .دەم لــە نــاو دەم
.دەست لە نــاو دەسـت دڵ( دادە ) کانمـان دەنێـنەوە ..!

چاوەڕوانین ،چــاوەڕوان .! چـاوەڕوانی گـەڕانــەوە دایــم وهــەر دەم چاومــان لە ڕێیــە .!
هــەر چەشــنە ئال وگۆڕێکـی تەنانەت زۆر گچکەیشـمان لە بیردایــە و ئەم خەیــالـەیش قــەت لە بیرمان
ناچێتــەوە .!بە بێ ئـەوەی دەنگێک ، هەوالێـک فەرامۆش کــەین ، یــان لە داخۆازییەکانمان خۆش
بیــن وئەستەمێـک چـاولەو ڕاستـییانە داپۆشـین کە هــەر دەم ڕوو دەدەن .

هــەر گـیزا و هەرگیز بێـدەنگـی هەلمان ناخەلەتێـنێت چـونکـە هــەلـم وهــالاّوی گشـت ئـەو ئـاه
ونــالاّنەی کە لەو بەنـدە تاریکــانــەوە هــەلدەسـتن وهەلدەکشـێن ،لــە ناو مێشک ودەروونمانا
دەپڕینگێنەوە دەزرینـگێـنەوە .دەمانبووژێنەوە و دەمانگەشێننەوە ...نا نا هەر گیزا و هەر گیـز
نــاکوژێنەوە .!

ئێـمە گشـتمان هــاواری ئـاه و نــالەی دلــی دەردەدارانیــن .

هەر یــەک لە مـــە ڕەنج وگــەنجـی سـەرەکی ڕەنجەڕۆکانیــن ،چــی سـڕ وتڕی تــاوانبــارانــە لە تەک
خۆمانــا ڕامانگوێسـتووەتەوە بۆ ئەم شـوێن و بۆ گشـت ئەم مەکــانـانە .
هــەر کام لە ئێـمەمانان ، لەم سـنورەوە بۆ ئەو سـنور دەپەڕینــەوە .لەم دیـو بۆ ئەو دیــو ،ئەم ڕێـگە
سـەختـە دەبـڕین وئاسمـان دەپێـویـن .....پێـوانەیـەک کە ئــەو نەنـگە سـووک و چـروکانە ،
ڕیسـوا دەکـا کە ئــاو و خــاکـی پــاکـی ولاّتمـان پیـس و گـلاّو و گەنیـو ئەکــا .!
بــەلاّم ، هیچکام لە ئێمە مــانــان لێـرە و لە بۆ هەمیشــە ولــە تــاراوگـــەدا نامێنینــەوە .!هەر دێنەوە
.ڕۆژێک لە ڕۆژان دێنــەوە ....!

هێشـتـەکەیش زۆر شـتـی نــەگـووتـراوە و نــەبیسـتـراوە مـاوە
ڕاسـتییەکان چـۆنـن ئەشـێ هــەر بــەو جـۆرە بگووتـرێنـەوە .دوو پاتــە و تەنــانــەت چــەنـد
پــاتــەیش ببـنــەوە

( بەرتـولت برێشـت ) دەفرمێـت : ئەوەی کە نایلێـت .نـەزانە و هیچ نازانێ تاوەکـوو بیلێـت بـەڵام ئـەوەی ڕاستییـەکـان دەزانێـت و نایـلێـت خـائنـە .!

Mohammed  Karimi

* هـەسـتی ئەم نووسـینە لـە شیعری نووسەر و شاعیری بە ناو بانگی ئەڵمانی ( برتولت برشت )وە سـەرچاوەی گرتووە .